# یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٧**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٤/٥**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەلاتەی بەپێی بڕگە(٣)ی مادده(٢) لەیاسای ژمارە(١٠)دەی ساڵی ١٩٩٧پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٨/٣/٣١ی دا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەماندا:

## یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٨
## یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣

**ماددەی یەکەم:**

بڕگە (١)ی مادده پەنجاو پێنجی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ هەموار دەکرێ وبەم شێوەیە دەبێ:

١ـ تێکڕای ئەو شەقامانەی کە دەکەونە ناو سنووری شارەوانیەوە بەبێ بەرامبەر(عوض) بەناوی شارەوانییەوە تۆماردەکرێن.

٢ـ نابێ ئەو زەویانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکانەوە بۆ مەبەستی سوکنا وپیشەسازی جیابکرێنەوە بەڕەزامەندی وەزارەت نەبێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ ـ ئەو زەویانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی لە جۆری تایبەتی بە مەودای (١٠) دە کیلۆمەتر.

ب ـ ئەو زەویانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی لە جۆری هەرە باش (ممتاز) بەمەودای (٧) حەوت کیلۆمەتر.

جـ ـ ئەو زەويانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی لە جۆری پلە یەک بە مەودای (٥) پێنج کیلۆ مەتر.

د ـ ئەو زەويانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی لە جۆری پلە دوو وسێ وچوار بەمەودای (٣) سێ کیلۆ مەتر.

٣ـ لەسەر ئەخشەکێشانی ئاوەدانکارییەکە ماڵ تەرخان بکا و بەرزەفتی (ضوابط) دابنێ بە هەماهەنگی لەگەڵ شارەوانیدا وچۆنییەتی جیاکردنەوەی ئەو زەويانە روون بکاتەوە.

ماددەی دووەم: لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە کە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

ماددەی سێ یەم: ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**